قوربانیانی رووداوە گشتییەکان

دکتۆر عەبدول لەتیف نەمر

راپۆرتەکانی رێکخراوی تەندروستی جیهانی ئاشکرایانکردووە رووداوە گشتیەکان بکوژی ژمارە(3) ن لە کۆمەڵگە نوێکاندا، واتە لەدوای نەخۆشەیکانی دڵ کەبکوژی ژمارە(1) ن و نەخۆشیەکانی شێرپەنجە کەبکوژی ژمارە(2) ن، کەواتە ئەم رووداوە گشتیانە کامانەن و چۆن قوربانیانی ئەم رووداوانە رزگاربکەین؟

مەبەست لە رووداوە گشتیەکان، رووداوەکانی هاتوچۆیە (بۆنمونە بەیەکداکێشانی ئۆتۆمبێل و هۆیە جیاوازەکانی گواستنەوە، رووداوی ناو کارگەکان (بۆنمونە سوتان و ژەهراویبوون) و رووداوەکانی ناوماڵ (بۆنمونە کەوتنەخوارەوە لەبینای بەرزەوە یان خنکان بەهۆی گازە جیاوازەکانی گەرمکردنەوە)،هەروەها حاڵەتەکانی نوقمبوون لەئاودا و هەوڵەکانی خۆکوشتن و ئەو برینداربوون و بەرکەوتنانەی کەبەهۆی رووداوەکانی دزییەوە روودەدەن، وەك برینداربوون بەچەقۆو فیشەك، ئەمانەش دەچنەچوار چێوەی رووداوە گشتیەکانەوە.

بەپێی راپۆرتەکانی رێکخراوی ناوبراو، لەسەدا هەشتای قوربانیانی رووداوە گشتیەکان لەماوەی چەند سەعاتی یەکەمی رووداوەکاندا گیان لەدەستدەدەن، ئەویش بەهۆی نەبوونی هۆیەکانی فریاکەوتنی خێراوە، لەکاتێکدا

لەسەدا چلیان لەدوای چارەسەرکردنیش دووچاری کەمئەندامی بوون بەشێوەیەکی هەمیشەیی.

بایەخی راپۆرتەکەی رێکخراوی تەندروستی جیهانی لەوە کۆبۆتەوە کەسەرنجمان رادەکێشێت بۆ کەموکورتی خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان، لەکاتێکدا بواری پزیشکی بوارێکی هەستیارە، بەڵام ساڵانە رۆحی هەزارەها کەس دەچنێتەوە. دامەزراوە تەندروستیەکان لەکاتێکدا بەهۆیە کلاسیکیەکانی چارەسەرکردن و هۆیەکانی پشکنین و دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکان بە شێوازێکی نوێ، بەڵام بایەخدانیان بەپێشکەوتن و پەرەپێدانی هۆیە پزیشکییە نوێیەکانی فریاگوزاری فەرامۆشکردووە، هەرچەندە لەزۆربەی نەخۆشخانەکانی دونیادا یەکەکانی فریاکەوتن هەیە، بەڵام ئەم یەکانە تائێستا لەبەردەم چارەسەرکردنی قوربانیانی رووداوە گشتیەکان و پێشکەشکردنی یارمەتی راستەوخۆ، شکستیان هێناوە.

ئەوەی شایانی باسە تەنیا ناوەندی چارەسەرکردنی راستەوخۆو کتوپڕی رووداوە گشتییەکان بەوشێوازەی کەپێویستە لەشاری میریلاند لەویلایەتی بالتیموری ئەمەریکی دامەزراوە، ئەویش لەرێگەی دەستەیەك لە پزیشکە ئەمریکییەکانەوەکاری بۆکرا،لەم ناوەندەداکۆمەڵێك هۆیەکانی چارەسەرکردن بەشێوەیەکی پێشکەوتوو ئەنجامدەدرێت کە پزیشکە نەشتەرکارەکانی ناوەندەکە خۆیان داهێنەری ئەو هۆیانە بوون.

تەمەنی قوربانیانی رووداوە گشتیەکان لەنێوان هەردوو جەمسەری تەمەندایە، بەڵام ژمارەی گەورەی قوربانیان لەو کەسانەدایە کەتەمەنیان لەنێوان 16 بۆ 25 ساڵیدایە، بەشێوەیەکی گشتی رووداوە گشتیەکان بەبکوژی ژمارە (1) دادەنرێت بۆئەوکەسانەی تەمەنیان لەنێوان یەك ساڵ بۆ سیونۆساڵیدایە، لەدوای ئەم تەمەنەوە رێژەکان وردە وردە دادەبەزن بۆئەوەی رێگەبدەن بەبکوژەکانی دیکەی مرۆڤ کاری خۆیان بکەن وەك نەخۆشیەکانی دڵ و شێرپەنجە.

لەکاتی روودانی کارەساتێکدا، جۆرێك لەکاریگەری یان بەرکەوتن و برینداری لەسەر جەستەی ئەوقوربانییە بەجێدەمێنێت کەدووچاری رووداوەکە بووە، بۆنمونە شکانی ئێسك کەلەزۆربەی رووداوەکاندا روودەدات، یان دڕان و برینداری لەهەناودا و لەوانەشە کاریگەرییەکە تێکەڵەیەك بێت لەهەردووکیان. لەنێوان شکانی ئێسك و برینداری و دڕاوی هەناودا کۆمەڵێك حاڵەتی دیکەو روودەدەن وەك ژەهراویبوون و سوتان و خنکانی ئەوکەسەی کەنقووم دەبێت، هەموو قوربانیانی رووداوە گشتیەکان تووشی حاڵەتێك دەبن پێی دەوترێت شۆك Shock ئەم حاڵەتە کەنەخۆش لەکاتی رووداوەکە یان راستەوخۆ دوای رووداوەکە تووشی دەبێت، بەوە دەناسرێت کە مرۆڤ تووشی دابەزینێکی زۆر دەبێت لەپەستانی خوێن و ئەمەش دەبێتەهۆی دابەزینی ئاستی کارکردنی دڵ.

شکستهێنانی دڵ لەئەنجامدانی فرمانی خۆی لە حاڵەتی تووشبوون بە شۆك، بەرئەنجامی کۆمەڵێکی ئاڵۆز لە رووداونی پشێوییە لە فرمانەکانی جەستەدا، بۆنمونە رووداونی پشێوی لەکۆئەندامی دەمارو جگەرو گورچیلەکان، وێڕای رووداونی پشێوی لەدەردانی زۆرێك لە هۆرمۆنەکانی لەش و زۆرێك لەماددە کیمیاییەکانی دیکە.

لەئەنجامی شکستهێنانی دڵ لەئەنجامدانی فرمانی خۆی (کەلێرەدا شکستهێنانێکی کاتییە) ئەو خوێنەی کەلەدڵەوە بۆ سەرجەم ئەندامەکانی لەش دەڕوات و خۆراك و گازی ئۆکسجینی پێویستی بۆژیان، هەڵگرتووە، کەم دەبێتەوە، هەروەها کەموکوری لەچوونی خوێن بۆئەندامە جیاوازەکان بەتایبەتی مێشك و جگەرو گورچیلەکان و کوێرە رژێنەکان، بەرپرسی یەکەمە لەدەرئەنجامە کۆتاییەکانی رووداوەکە، بەگوزارشتێکی دیکە تووشبوون بەشۆك بە هۆی کارەساتەکەوە نەك رووداوەکە خۆی دەبێتەهۆی یان بەرپرسە لەدیاریکردنی دەرئەنجامی کۆتایی: ژیان یان مردن.

لەبەرئەوەی هەندێك لەئەندامەکانی جەستە بەرگەی کەمی یان پچڕانی خوێن رۆیشتن بۆی، ناگرن، ئەوا بەخێرایی دەمرن، فاکتەری یەکلاییکەرەوە لەسەرجەم ئەم حاڵەتانەدا بریتییە لە "رەگەزی کات"، چونکە بۆنمونە مێشك زیاتر لەسێ دەقیقە ناتوانێت بەرگەی نەچوونی خوێن یان نەبوونی خوێن یان پچڕانی خوێن بگرێت، لەکاتێکدا جگەر ماوەیەکی زیاتر دەتوانێت دان بەخۆیدا بگرێت و نزیکەی نیو سەعات دەخایەنێت کوێرە رژێنەکانیش کەدەکەونە سەر گورچیلەو بۆ ژیان پێویستن تەنیا ماوەی بیست دەقیقە بەرگەی نەچوونی

خوێن دەگرن و دوای ئەو ماوەیە دەمرن.

بەڵام بۆخۆشبەختی هاتوچۆکردنی خوێن لەزۆربەی رووداوەکاندا بەپێی جۆری بەرکەوتنەکە بەردەوام دەبێت و ناپچرێت و خوێن بۆ ئەندامەکانی جەستە دەروات، بەڵام ئەو خوێنە کەمەی کەدەچێت بۆ ئەندامەکان، بەتایبەتی بۆ ئەو ئەندامانەی ئاماژەمان پێدا، ئەگەر ماوە یان کاتی ئەو کەم رۆیشتنەی خوێن درێژەی کێشا ئەوە حەتمەن ئەو ئەندامانە دەمرن. لێرەوە گرنگترین هەنگاوەکانی چارەسەرکردن، زامنکردنی گەیشتنی خوێنە بەبڕی سروشتی بۆسەرجەم ئەندامەکانی جەستە بەتایبەتی "ئەندامە زیندەییەکان" وەك مێشك و جگەرو ئەوانی دیکە لەخێراترین ماوەدا.

بەگوزارشتێکی دیکە لەکاتی چارەسەرکردنی قوربانیانی رووداوە گشتیەکاندا واپێویست دەکات هەنگاوی یەکەم فرمانی دڵ راست بکەنەوەو دڵ لەشکستهێنانی فرمانی رزگاربکەن و وابکەن بەشێوەیەکی سروشتی کاربکات و خوێن دابەش بکات، ئەم کارە پێویستە لەهەمان ئەوکاتەدا ئەنجام بدرێت کەچارەسەری شوێنەبەرکەوتوو یان بریندارەکە دەکرێت، ئەمە تەنیا هەڵوێستە لەژیانی هەر مرۆڤێکدا کەهەر دەقیقەیەکی ئەم ماوەیە لەهەموو زێری دونیا بەنرخترە.

لەبواری کاری پزیشکیدا بەقوربانیانی رووداوە گشتییەکان بەشێوەیەکی گشتی دەڵێن تراومای شۆك Shock Trouma کەئاماژەیە بۆهەردوو ئەو حاڵەتەی نەخۆش تووشی دەبێت، واتە شۆکی رووداوەکەو برینداری و بەرکەوتنەکانی بەهۆی رووداوەکەوە تووشی جەستەی بووە، هەندێکجاریش تەنیا وشەی شۆك بۆ وەسفی حاڵەتی قوربانیانی رووداوە گشتیەکان بەکاردێت، ئەوکەسانەی تووشی شۆکی رووداوە گشتییەکان دەبن لەلیستی رووداوەکانی "نەخۆشخانەی فریاکەوتن" دا پلەی یەکەم داگیردەکەن و زیاتر (6٪) ی دارایی و ئەرك و هیلاکی کارمەندو پزیشکان بۆئەم قوربانیانە دەخرێتەکار.

رووداوەکان چۆن روودەدەن؟

ئەگەر باسی رووداوێکی هاتوچۆ لەرێگەیەکی گشتیدا بکەین، بەنمونە دەبینین بەشێوەیەکی نزیك بەم گێرانەوەیە

کارەساتەکە روودەدات:

لەکاتی روودانی کارەساتەکەدا، خەڵك لەکەسی بریندار کۆدەبنەوە یان بۆئەوەی یارمەتی قوربانیەکە بدەن یان بۆئەوەی بزانن چی روویداوە، یەکێك لەوکەسانە خێرا پەیوەندی بەناوەندی فریاکەوتنەوە یان فەرمانگەی پۆلیس یان هەردووکیان، دەکات.

لەباشترین حاڵەتەکاندا هاتنی ئۆتۆمبیلی فریاکەوتن چارەکە سەعاتێك دەخایەنێت تادەگاتە شوێنی رووداوەکە، چەند دەقیقەیەکی دیکەی بەنرخ لەژیانی ئەو قوربانیە تێدەپەڕێت تادەخرێتە ناو ئۆتۆمبیلی فریاکەوتنەوەو رەوانەی نزیکترین نەخۆشخانەدەکرێت.

لەکاتی گەیشتنی قوربانی یان بریندار بۆبەشی فریاکەوتنی نەشتەرگەری لەو نەخۆشخانەیە، پەرستیاری بەشەکە یان پزیشکی یاریدەدەر (ئەگەر قوربانی بەختی هەبێت !) پێشوازی لێدەکات، چەند دەقیقەیەکی دیکەی بەنرخ تێدەپەڕێت بەهۆی پرسیارکردن لەبریندارەکە ئەگەرلەهۆش خۆی نەچووبێت یان پرسیارکردن لەکەسوکاری یان ئەو کەسانەی هاتوون لەگەڵیدا، ئامانجیش لەم کارە زانینی چۆنێتی روودانی کارەساتەکەو کاتی روودانیەتی، (ئەمانە وێرای گرتنەبەری رێوشوێنەیاساییەکان کەئاسایی لەم کاتانەدا دەگیرێتەبەر) .

لەدوای کۆتایی هاتنی دیمەنی یەکەمی فریاکەوتن کەبەندە بەئەنجامدانی رێوشوێنە پێویستەکانەوە، ئینجا پزیشك داوای ئەنجامدانی کۆمەڵێك پشکنینی تاقیگەیی دەکات وەك وێنەگرتن بەتیشکی سینی بۆدیاریکردنی شوێنی بەرکەوتن و سروشتی بەرکەوتن و برینداریەکە، ئەگەر بەرکەوتنەکە لەجۆری مەترسیداربوو ئەوا پێویستە نەشتەرگەری گەورە بۆ بریندارەکە بکرێت و لەم کاتەدا پزیشکی یاردەدەر دەست دەکات بەئاگادارکردنی پزیشکە پسپۆڕەکانی نەشتەرگەری وەك نەشتەرگەری ئێسك و دەمارو لوولەکانی خوێن.

لەبەرئەوەی زۆربەی پزیشکە پسپۆڕەکان لەنەخۆشخانەنین یان بەبەردەوامی نامێننەوەو لەبەرئەوەش کەزۆربەی رووداوەکان لەکاتی شەوو رۆژانی پشوودا روودەدەن، ئەوا – لەباشترین حاڵەتدا – نیوکاتژمێری دیکە تێدەپەڕێت پێش ئەوەی پزیشکی پسپۆڕ ئامادە ببێت.

کاتی تێپەڕبوو لە ساتی روودانی کارەساتەکەوە بۆ ساتی چارەسەرکردنی راستەقینە کە دەبێت پزیشکی پسپۆڕ ئامادە بێت، لە سەعاتێك تێدەپەڕێت وەك باشترین خەمڵاندن، لەبەر ئەوە هیچ جێگەی سەرسوڕمان نییە کاتێك کەسی قوربانی پێش ئەوەی چارەسەری راستەقینەو پێویستی بۆ بکرێت گیانی لەدەست دەدات.

بەڵام ئەگەر نەخۆش بەختی هەبوو لەچنگی مردن رزگاری بوو، ئەوا کاریگەریەکانی ئەو شۆکەی پێشتر باسمان کرد دەبێتە هۆی دروستکردنی کەم ئەندامییەکی هەمیشەیی لە جەستەیدا.

ئەم وێنە تراژیدیە لە هەموو وڵاتانی دونیادا روودەدات بە بێ جیاوازی ! لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وەك پێشکەوتووترین و ئاوەدانترین وڵاتی جیهان ساڵانە نزیکەی هەشتا ملیۆن کارەسات روودەدات و لەنێو ئەم ژمارەیەدا نیو ملیۆنیان پێویستی بە نەشتەرگەری بە پەلە هەیە، بەڵام دامەزراوە پزیشکیە ئەمریکیەکان لەگەڵ پێشکەوتنیاندا شکست لە پێشکەشکردنی یارمەتی پزیشکی بە پەلەو راستەوخۆ بە قوربانی ئەو کارەساتانە، بەهۆی ئەمەشەوە ساڵانە نزیکەی سەد هەزار کەس گیانیان لەدەست دەدەن لەو نیو ملیۆنەی باسمان کرد، ئەو ژمارەیەش کە دەمێنێتەوە لەو نیو ملیۆنە بەهۆی تووشبوونیان بە کەمئەندامییەکی جەستەیی هەمیشەییەوە بە درێژایی ژیانیان ئازار دەچێژن.

ئەم وێنە تراژیدیە کاریکردە سەر یەکێك لە بەناوبانگترین پزیشکە نەشتەرکارەکانی دڵ لەئەمریکا کە ناوی د. ئادامز کاولی Adams Cowley یە ئەم پزیشکە لەمەیدانی جەنگداو لەهەریەکە لە ڤێتنام و کۆریا کاریکردووەو شارەزاییەکی زۆری لەفریاکەوتنی حاڵەتە کتوپڕەکاندا هەیە، د. کاولی بەهۆی شارەزایی زۆری لەم بوارەدا بۆی دەرکەوت رەگەزی (کات) فاکتەری یەکلایکەرەوەیە لەچارەسەرکردنی قوربانیانی رووداوو کارەساتەکان.

د.کاولی لەگەڵ کۆمەڵێك لە پزیشکی پسپۆڕی نەشتەرگەریدا هەوڵیاندا بۆ کردنەوەی سەنتەرێك لە ئاستێکی بەرزی پسپۆڕیدا لە پێناوی چارەسەرکردنی حاڵەتە کتوپڕەکانی کارەساتەکاندا، لەسەر ئەرکی خۆی و هەندێك

یارمەتی رەمزی حکومەت ئەو سەنتەرە بەناوی "پەیمانگەی میریلاند بۆ خزمەتگوزارییە کتوپڕەکان" دامەزرا، بڕی دارایی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان لەم سەنتەرەدا ساڵانە دەگاتە بیست و حەوت ملیۆن دۆلارو رۆژانە بەدرێژایی (24) سەعات و لە هەموو رۆژەکانی ساڵ تیمی پسپۆڕ لە پزیشکی پسپۆڕو کارمەندانی پێویست کاری تیادا دەکەن.

شێوازێکی دەگمەن لە چارەسەرکردندا:

بەپێی ئەو گوزارشتە نوێیانەی پەیمانگای ناوبراو هێناویەتە بواری فریاکەوتنی کتوپڕەوە، شۆك واتە لەکاروەستانی کاتی و بەرەو پیرچوونی مردن، لەم سۆنگەیەوە شێوازی کارکردن لەپەیمانگەی میریلاند لەوێوە دەست پێدەکات

نابێت یەك دەقیقە لەوکاتە بەفیڕۆبدرێت کەدەکەوێتەنێوان ژیان و مردنەوە، لەوساتەدا کەپەیمانگاکە تەلەفۆنی بۆدەکرێت بۆ ئاگادارکردنەوەیان لەروودانی کارەساتێك لەهەر شوێنێکی ناوشاردابێت فرۆکەیەك (کەلەهەر ساتێکدا ئامادەی فڕینە) بەرەو شوێنی رووداوەکە ئاڕاستە دەگرێت بۆ گواستنەوەی بریندارەکە بۆ پەیمانگە یان سەنتەرەکە، لەهەمان ئەوکاتەدا کەتەلەفۆن بۆسەنتەرەکە دەکرێت ئێزگەیەکی ناوخۆیی لەناوسەنتەرەکە هەواڵی گەیشتنی برینداریك پەخش دەکات بۆئەوەی تیمی پسپۆڕو پێویست لەوپەڕی ئامادەباشی کارکردن و فریاکەوتندابن.

لەبەرئەوەی پرەنسیپی کارکردن لەوپەیمانگەیە خێرایی و بەفیڕۆنەدانی کاتە،ئەواسەرجەم پشکنینی تاقیگەیی بۆبریندارەکە لەچەند دەقیقەیەکی کەمدا ئەنجام دەدرێت، لەیەك کاتدا شەش بۆری جیاواز بەناو خوێنهێنەرەکاندا دەبرێت بۆ وەرگرتنی نمونەی خوێن و شیکردنەوەیان هەریەکەو بۆمەبەستێك و هەندێکیشیان بۆئەوەیە دەرزی پێویست لەنەخۆش بدرێت بۆراستکردنەوەی کاریگەری شۆکەکە، کۆمپیوتەر ئەنجامی پشکنینەکان دەخوێنێتەوەو شییان دەکاتەوەوپاشان دەیخاتەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکە لە ناو هۆڵی نەشتەرگەریدا.

لەگەڵ دەرچوونی ئەنجامی پشکنینە جیاوازەکان (تەنیا لەماوەی چەند دەقیقەیەکی کەمدا)، نەخۆش بۆهۆڵی نەشتەرگەری براوەو پێنج نەشتەرکاری پسپۆڕی خاوەن شارەزایی درێژخایەن لەچارەسەرکردنی حاڵەتە کتو پڕەکانی کارەساتەکاندا، پێشوازی لێدەکەن، لەگەڵ

ئەم پزیشکە پسپۆڕانەدا

پزیشکی بەنج و هەشت پەرستیار

ئامادەی فریاکەوتنی ژیانی ئەو بریندارەن.

بە پێچەوانەی ئەورێسا پزیشکییە باوو کلاسیکیەی کەدەڵێت: (چاوەڕێ بکەو چاودێری بکە)، پزیشکە پسپۆڕەکانی

پەیمانگەی میریلاند تەنیا یەك دەقیقەش بەفیڕۆنادەن، سكی نەخۆش لەقورگییەوە بۆخوار سكی دەكەنەوە ! ڕێگەی تەقلیدی پەیڕەوكراو ئەوەیە چاوەڕێ دەكرێت بزانرێت حاڵەتی نەخۆش بەرەوكوێ دەڕوات و نەخۆش چاودێری دەكرێت تابزانرێت چی بەسەردێت و ئەم ڕێگەیەش لەئاشكراكردنی بەركەوتنەكانی ناوەوە وەك درانی بەشێك لەهەناو یان برینداربوونی پەنكریاس یان سپڵ، شكست دەهێنێت.

ئەنجامی لێكۆڵینەوەیەك لەسەر سەدلاشە ئاشكرای دەكات، بەركەوتنەكانی ناوەوە هۆكاربوون بۆ گیان لەدەستدانی هەژدە كەس لەو ژمارەیەو هۆیە پێشكەوتووەكانی پشكنین و دیاریكردنی شوێنی بەركەوتن نەیانتوانیوە دەستنیشانی بكەن.

بەڵام شێوازی كارپێكراو لە پەیمانگەی میریلاند بەشێوەیەكی رەها پشت بە هۆیە پێشكەوتووەكانی پشكنین و دەستنیشانكردن نابەستێت، بەڵكو پشت بەرێسایەكی دەگمەن دەبەستێت كەدەڵێت: هەموو ئەندام و شانەیەكی جەستە بكەرەوەو تەماشای بكە !

لەیەكێك لە حاڵەتەكانی فریاكەوتنی كتوپڕ لە پەیمانگەی ناوبراو، سپڵ لابرا، برینداربوونی جگەر چارەسەر كرا، تەلێكی كانزایی خرایە ناو ئێسكێكی شكاوی رانەوە، شكانی ئێسكی قاچ كەمكرایەوە و نەشتەرگەری جوانكاری بۆ گوێیەكی تێكچوو ئەنجامدرا، هەموو ئەم كارو نەشتەرگەرییانە تەنیا لەماوەی شەش سەعات و نیودا !

لە حاڵەتێكی دیكەدا گەنجێك چەقۆ لەسەر سنگی درابوو، برینداربوونی سییەكانی چارەسەركراو لەفرمانی دڵی ئەو بریندارە دڵنیابوون تەنیا لەماوەی چل دەقیقەدا و ئەمیش بەپەیڕەوكردنی ڕێسای بیكەرەوەو تەماشای بكە !

پیرۆزنەكردنی ڕێسا سەرنەكەوتووەكان:

لەكاتێكدا هەواڵەكانی سەركەوتنی پەیمانگەی میریلاند بۆ خزمەتگوزارییە كتوپڕەكان، بڵاودەبنەوە، هەندێك دامەزراوەی پزیشكی ئەمەریكی رەخنە لەپەیمانگەی ناوبراو دەگرن بەوەی كەرێساو یاسا پزیشكییەكان پێشێل دەكەن.

د. ئادامز كاولی دامەزرێنەری پەیمانگەی میریلاند لەوەڵامی ئەو رەخنانەدا، وتی: ئەگەر یاساو رێسا پزیشكییەكان نەتوانن ژیانی قوربانیانی رووداوەكان لەمردن رزگاربكەن، ئایا سادەترین شێواز هەرەس پێهێنانی ئەو یاساو ڕێسایانە نییە؟

لەوەدەچێت پزیشكەكانی ئەم پەیمانگەیە بەئاگابن لە چۆنێتی هەرەس پێهێنانی شێوازی تەقلیدی پزیشكی، هەر لەسەرەتاوە لەجیاتی ئەوەی كات بكوژن بەپرسیاركردن و تۆماركردنی ناوی بریندارەكەوە راستەوخۆ ژمارەیەكی دەدەنێ و پاشان پرۆسەی تەقلیدی پرسیاركردن لەچۆنێتی روودان و ئەوزانیارییانەی كەبایەخی یاساییان هەیە دەكەوێتە كۆتاییەوە، چونكە ئەو پەیمانگەیە لەسەر ئەم ڕێسایە دەڕوات:

یەكەمجار چارەسەر بكە، دوایی پرسیاربكە!

هەروەها پزیشكەكان بناغەی نوێیان بۆ چارەسەركردنی حاڵەتەكانی شۆك و هەموو خاڵێكی گەورەو بچووك كەپەیوەندییان بەكارەسات و برینداریەكەوە هەبێت، داناوە، یەكێك لەم بناغانە پێی دەڵێن "پرۆتۆكۆڵی پەیمانگا" كە گۆڕانی ریشەیی سەبارەت بەبنەماكانی چارەسەركردنی تەقلیدی لەخۆدەگرێت، بۆنمونە گۆڕانیان كردووە لەجۆرو دۆزی ئەو دەرمانانەی لەم حاڵەتانەدا بۆچارەسەركردنی بەركەوتووبەكاردەهێنرێن.

بەهەرحاڵ پەیمانگەی میریلاند لەبواری پزیشكی فریاكەوتندا بەسەنتەرێكی ناوازە دادەنرێت.

تیمی پزیشك و كارمەندانی ئەم پەیمانگایە توانیویانە ڕێژەی مردن بەهۆی رووداوەكانەوە لەسەداهەشتاوە بۆ لەسەدا بیست و دوو كەم بكەنەوە ! تۆبڵێی ڕۆژێك بێت قوربانیانی رووداوە گشتیەكان لەهەر شوێنێكی دونیادابن ئەوخزمەتەیان پێشكەش بكرێت كەلەپەیمانگەی میریلاند بۆ رزگاركردنی مرۆڤ لە چنگی مردن پێشكەشدەكرێت؟

سۆزان

سەرچاوە:

Alneda.net